# جۆرێکی تری مێژوو:
# میشل فۆکۆ و تیورەی نابەردەوامی لە مێژوودا

مارك پۆستەر
لە فارسییەوە: ڕێبین هەردی

میشل فۆکۆ (١٩٢٦-١٩٨٤) لە پواتیەی فەڕەنسا لەدایکبوو. خوێندنی باڵای لە ئکول نورمال سوپریور لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس لە لقی فەلسەفەدا تەواوکرد. ماوەیەک پۆستی بەڕێوەبەرایەتی ئینستیوتی فەڕەنسای لە هامبۆرگو ئنستویتی فەلسەفەی لە زانکۆی ئەدەبیاتی زانکۆی کلرمۆن-فران فەڕەنسای لەئەستۆ بوو.

فۆکۆ یەکێکە لە بیریارە بەرجەستەکانی فەڕەنسا لەپاش جەنگەوە، فەڕەنسایەک کە فەزا فکریەکەی لەلایەکەوە لەژێر کاریگەری بونگەریو بەتایبەتی بیروڕای سارتەرو مۆریس میرلۆ پۆنتیدا بوو، لەلایەکە دیکەشەوە بەتوندی لەژێر کاریگەری مارکسیزمدا بوو. فۆکۆ لەم ئاوو هەوا فکریەدا نەشونمای کرد. فەڕەنسا لەم قۆناغەدا بەڕاستی دەورێکی گەورەی لە بوارە جیاوازەکانی زانستە مرۆییو کۆمەڵایەتیەکاندا هەیەو بیریارانێکی بەرجەستەی لە بوارەکانی مرۆڤناسی، مارکسیزم، دەرونشیکاری، فەلسەفەو مێژودا پێشکەش بە جیهان کردووە، کە بێگومان فۆکۆ یەکێکە لە بەناوبانگترینیان. بەرهەمەکانی فۆکۆ بە ئاسانی لە سنورە باوەکانی لقە ئەکادیمیەکاندا جێگەیان نابێتەوەو شیکردنەوەکانیشی لە چوارچێوە رێکەوتنامەیەکانی زانستە کۆمەڵایەتیو مرۆییەکاندا نیە.

فۆکۆ ماوەیەک سەرقاڵی خوێندن بوو لە بواری دەروننناسیو زیاننناسی دەروونی و لیسانسو دیبلۆمیشی لە هەردوو ئەم بوارەدا لە ساڵەکانی ١٩٥٢و ١٩٥٤دا

بەدەستهێنا. پاش زنجیرەیەک لێکۆڵینەوە لە بواری زیانناسی دەرونیو چالاکی لە ئەنستویتی فەرەنسی لە زانکۆی سوید، پۆڵەنداو ئەڵمانیا بڕوانامەی دکتورای بەتەواوکردنی کتێبێک لەژێر ناونیشانی "شێتی و شارستانێتی: مێژووی شێتی لە سەردەمی کلاسیکیدا" تەواوکرد. لە ساڵی ١٩٧٠دا کورسی وانەی "مێژووی سیستەمە فکریەکانی" لە کۆلێژ دی فرانس وەرگرت. فۆکۆ بەدرێژای ئەم قۆناغانە پەیوەندی بە کەسایەتی فکری گرنگەوە پەیدا کرد: یان شتیان لێوە فێر ئەبوو، یان هاوکاریەکی تیوری نزیکی لەگەڵیاندا هەبوو. کەسانی وەک ژۆرژ کنگلیم/ ژان هیبۆڵت، لیوی ئالتۆسیر، ژاک دیرێداو جیل دۆلۆز. سەرەڕای ئەمانە کاریگەریی بیروڕاکانی سێ کەسایەتی رۆژئاوا واتە مارکسو فرۆیدو نیچەش لەسەر پێگەیشتنو شکڵوەرگرتنی بیروڕاکانی زۆر گرنگو هەمیشەیی بووە . ماوەیەک ئەندامی حیزبی کۆمنیستی فەرەنسی بوو، لە ساڵی ١٩٥٢ دا وازی لێهێنا.

گرنگترین سیمای بیروڕاکانی فۆکۆ "جینالۆجیای زانینو دەسەڵات"و پەیوەندی نێوان شێوە جیاوازەکانی زانینو دەسەڵاتە کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەژێر کاریگەری بیروڕاکانی نیچە "ی فەیلەسوفی دەسەڵات"دایە . فۆکۆ بڕوایوایە کە دەکرێت لەڕێی تێگەیشتنی جینالۆجیای دەسەڵاتەوە لەوە تێبگەین چۆن خەڵک لە خۆیانو کەسانی دی بەهۆی زانینەکانی خۆیانەوە تێئەگەنو دەناسن. فۆکۆ بەتەواوی بڕوای بەوەیە کە ئەوە زانینە دەسەڵات دروستئەکات. بۆ سەلماندنی ئەم خاڵەش دەستئەکات بە لێکۆڵینەوەی زنجیرە پلەی "زانین"و بەو ئەنجامگیریە دەگات کە لەبەرئەوەی "زانستەکان" بەرزترین پلە لە زنجیرە پلەی "زانین"دا داگیرئەکەن، لەبەرئەوە خاوەن زۆرترین "دەسەڵات"یشن. بەبڕوای فۆکۆ دەبێت چیەتی (ماهیەتی) دەسەڵات لە هەموو ئاستە وردەکانی کۆمەڵگادا شیبکرێتەوە: لە ئاستی خێزان، قوتابخانەکان، زانکۆکان، خەستەخانەکان، کارخانەکانو سەرجەم شێوازە بەدەزگایی بوەکانو رێکخراوەکانی لە کۆمەڵگادا هەن.

فۆکۆ هەرگیز لەڕووی فکریو دیدەوە خۆی لە چوارچێوەی مەبەست یان میتۆدێکی تایبەتدا سنوردار نەکردو بەردەوام هەوڵی گۆڕینو چاکسازیو کامڵکردنی هەڵوێستە فکریەکانی خۆی ئەدا. لەڕووی بابەتیشەوە هیچکاتێک خۆی بە مەسەلەیەکەوە سنوردار نەکرد. لە بەرهەمەکانیدا جۆرێک هەمەڕەنگی ئەبینرێت: لە ئەبتستمۆلۆجیاوە لە شکڵی تیوریو عەمەلیەکانیەوە بیگرە تا فەلسەفە، مێژوو، ئەدەبیات، رەخنەی ئەدەبی، دەرونشیکاری، فەمەنیزم، سیاسەت، زمانناسی، هێرمۆنتیک، مۆدێرنیزمو پۆستمۆدێرنیزم، هونەرو مۆسیقا تا شەرحکردنی وردو درێژ لەبارەی هەموو شتێکەوە: لەوانە سیستەمی زامنکردنی کۆمەڵایەتی لە فەرەنسا، سیستەمی یاساکانی سزادانو سیستەمی زیندانەکان و دەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران کە وەک دەرکەوتنی ئیرادەی گشتی ئێرانیەکان باس و ستایشی ئەکات و ئێران بەرۆحی دنیایەکی بێ رۆح ئەزانێت، کە بە داهێنانو پێشکەشکردنی گوتارێکی تازەو بێوێنەی رادیکالیزمی تیورەیەکی سیاسی–عیرفانی لەناو جەرگەی ئەو چەمکو تێزە مەزهەبیانەی کە بەدرێژای چەندان سەدە لەناو تەپوتۆزی خورافەو جەهلو کۆنەپەرستیدا فەرامۆشکرابوو، مژدەی جۆرێک "ئیلاهیاتی ئازایخواز" ئەبەخشی.

دەکرێت فۆکۆ سەرەڕای ئەو بابەتانەی سەرەوە بە فەیلەسوف–مێژوونوسێکی بەهێزیش بژمێرێت. لە بیرکردنەوەی فۆکۆدا مانایەکی زۆر جیاواز بۆ "مێژوو" هەیە کە بەشێوەیەکی سەرەکی ئیلهامی لە بیرکردنەوەی نیچەوە وەرگرتووە، مانایەک کە تەواو جیاوازە لە چەمکی "تیورەی پێشکەوتن

لە مێژووداٚ". دەکرێت نمونەی بەرجەستەی تەماشاکردنی نیچەیانەی فۆکۆ بۆ مێژوو، لە دوو بەرهەمی سەرەکی فۆکۆدا واتە لە "کونترۆڵو سزا: لەدایکبونی زیندان"و "مێژووی سێکسوالیتی" دا ببینرێ. هەر دوو ئەم بەرهەمەش بە بەشێک لە سەرچاوە گرنگو بایەخدارەکانی رەخنەی هاوچەرخ لە زانستە مرۆییو کۆمەڵایەتیو بەتایبەتی مێژوو ئەژمێرێت. ناوەڕۆکی سەرەکی ئەم دوو بەرهەمە لە دەوری ئەو تیورەیە ئەسوڕێتەوە کە هەر شکڵبەندیو فۆرماسیۆنێک کە دەرئەکەوێت، پێویستی بە پیاچونەوەی وردی تیورەو کاری مێژووە. لەم ئاراستەیەدا فۆکۆ شکڵبەندی "شێوەی زانیاری" وەک ئەڵتەرناتڤێک بۆ شکڵبەندی "شێوەی بەرهەمهێنان" پێشکەش ئەکات: لەو روەوە کە رۆژ بە رۆژ کرداری کۆمەڵایەتی بە یارمەتی ئامرازو دەزگای پێشکەوتوی ئەلەکترۆنی پێ بەپێی ئەزمونو دەستکەوتەکانی بواری زمانو زمانناسی ئەڕوات. لەبەرئەوە چیدی تیورەی کلاسیکی شێوەی بەرهەمهێنان ناتوانێت وەک بنەمایەک بۆ تیورەی رەخنەگرانە کاربکات، چونکە کارایی پێویستی خۆی لەدەستداوە. فۆکۆ شێوازی گوتار/ پراکتیکی خۆی لە چوارچێوەی تیورەی شێوەی زانیاریدا، لە بەرامبەر شێوەی بەرهەمهێناندا رێکخستووە، و لەم رێگەیەوە شێوازە تازەکانی دەسەڵات ئاشکرا و شیئەکاتەوەو دەستئەکات بە ناساندنی سەرچاوە تازەکانی ناڕەزایی رادیکال.

دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین بەهێزیو پتەوی بەرهەمەکانی فۆکۆ ئەگەڕێتەوە بۆ شیکردنەوەکانی. هەموو شیکردنەوە مێژووییەکانی فۆکۆ سەبارەت بە رێکخستنو دەزگا مۆدێرنەکانی زانستە تیوریو پراکتیکیەکانو پەیوەندیان بە بەکارهێنانو شێوە دیاریکراوەکانی دەزگا کۆمەڵایەتیەکانەوەیە. بەدەربڕینێکی سادە واتە شیکردنەوەکانی فۆکۆ بۆ نمونە لەبارەی لەدایکبوونی دەرمانخانە، نەخۆشخانەو زیندانەوە، شیکردنەوەگەلێکی مێژوویی بووە، و دیارە کێشەکانی تەفسیری مێژوویشیان تێدایە. بەڵام فۆکۆ هیچ کاتێک مەبەستی ئەوە نەبووە وەک مێژوونوسە فەرمیو نافەرمیەکان، کلاسیکی و باوەکان، و تەنانەت وەک مێژوونوسە ئەکادیمیەکان، "رابردوو" بەشێوەیەکی مێژوویی، وردو موو بە موو بونیاد بنێتەوە. فۆکۆ هەر شیکردنەوەیەکی مێژوویی بە کێشە یان پرسێک دەست پێئەکات، پاشان لەرێی لێکۆڵینەوەی مەیدانیەوە بەبێ تێبینیکردنی دابەشکردنە ئاساییەکانی شوێنو کات، تاوتوێو شیئەکاتەوە. بۆ نمونە لە کتێبی "سیستەمی شتەکان: ئەرۆکۆلۆژیای زانستە مرۆییەکان"دا دەستئەکات بە تاوتوێکردنو شیکردنەوەی دوو جوڵەی بنەڕەتی لە مێژووی فکری رۆژئاوا لە رینسانس بەدواوە. یەکێکیان لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەوەو ئەوی تر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە. مەبەستی فۆکۆ ئەوەیە کە گوتار وەک روداوێکی بەرجەستەو هەستپێکراو لێبکات، بەڵام مێژووی دەرکەوتنی یان دامێزنی کاریگەریەکانی، لە پلەی دووهەمی گرنکیدا دێت.

خاڵێکی گرنگی تر ئەوەیە کە فۆکۆ لە سەیرکردنیدا بۆ مێژوو، رەوتی پەرەسەندن یان پێشکەوتن بە جوڵەیەک لە کۆمەڵگای دواکەوتووەوە بۆ کۆمەڵگای پێشکەوتووی سەردەمی ئێستا نازانێت، کە لەسەر بناغەی زانینێکی قوڵ راوەستاوە، بەڵکو مێژوو وەک جوڵەیەک لە سیستەمێکی دەسەڵاتەوە ئەبینێت(کە لەسەر بناغەی زانینی تایبەتی خۆی دامەزراوە) بۆ جۆرەکانی تری سیستەمی دەسەڵات(بە زانینی تایبەتی خۆیەوە). فۆکۆ مێژوو بە روداوێکی بەردەوامی زنجیرەیەک رودوای پێکەوەگرێدراو وەک دانەکانی زنجیرێک نازانێت، کە لە رەوتێکی روبارئاسادا لە رابردووە تا ئێستاو بەرەو ئایندە بەشێوەیەکی بەردەوام لەجوڵەدایە. فۆکۆ مێژوو بە روبەری دوبارەبونەوەی پێشهاتو

رودواوەکان بۆ پەند لێوەرگرتن نازانێت، یان وەک کۆمەڵێک ئەڵقەی پێکەوە گرێدراو و زنجیرەیەک پێشهاتو رواو کە ئەگەر ئەڵقەیەک یان بەشێکی ون بێت، پەیوەندی پێشهاتو روادەکانی پێش‌و دوای دابڕێتو نەکرێت هۆیەتی یان پەیوەندییەکی لۆژیکی لە نێوانیاندا بدۆزرێتەوەو توشی نائومێدی‌و سەرگەردانی ببین. "مێژوو" بەپێچەوانەی ئەوەی مێژوونوسان تا هەنوکە بەشێوەیەکی دۆگمایی رایانگەیاندووە:"دوبارەبونەوەی رواوەکان" نیە، رەنگە چونیەکی و لێکچونێک لەئارادا بێت، لەبەرچی‌و بەچ مافێک رێگە بەخۆیان دەدەن (واتە مێژوونوسان) کە رواوێکی کۆمەڵایەتی-سیاسی لە زەمەنێکی تایبەت‌و شوێنێکی تایبەتدا بە دوبارەکردنەوەی موو بە مووی رواوێکی تر، لە زەمان‌و شوێنێکی تردا بزانن. مێژونوسانی فەرمی‌و نافەرمی، ئەکادیمی‌و نائەکادیمی مێژوو و مێژوونوسین بە پیشەی پسپۆری‌و پاوانکراوی خۆیان ئەزانن، بەپێی چ بەڵگەو پێداویستیەکو بەچ پاساوێک بەردەوام بەشێوەیەکی بڕاوە حوکمئەدەن "کە دیسان مێژوو دوبارە بۆتەوە"، لەکاتێکدا نە روبەری زەمەنی‌و نە روبەری شوێن‌و خودو چالاکوانەکانی لەناو رواوەکاندان (مرۆڤەکان) یەک شت نین: شۆڕشی ئۆکتوبەری ١٩١٧ی کۆمنیست‌و سوشیالیستەکانی رۆسیا، چۆن ئەتوانێت دوبارەکردنەوەی شۆڕشی ١٧٨٩-١٧٩٢ی یاکۆبینەکانی فەرەنسا بێت. تازە ئەمەش کاتێک ئامانج‌و بەرنامەو بەکارهێنانەکانی ئەم دوو شۆڕشە لەبەرچاو نەگرین: یەکێکیان پێشڕەوی کۆمەڵگای بۆرژوازی مۆدێرن کە بانگەشەی بۆ سەرمایەداری روو لەپێش ئەکرد، و زەنگی مەرگی رژێمی کۆن بوو، ئەوی تریشیان بانگەشەکەری لەناوبردنی رژێمی سەرمایەداری بۆرژوازی و جێگیرکردنی کۆمەڵگای بێ چین‌و زەحمەتکێشان بوو. فۆکۆ بەم ئاوازە رەخنەگرو لێدەرە، دەستیکردووە بە هاندان دژی رواوە باوەکان لە مێژوونوسیدا. لەڕاستیدا تێزەکانی بەڵگەنامەیەکە دژی مێژوونوسی لە رابردووەوە تا ئێستاو بانگەشەیەکە بۆ ململانێ لەگەڵ مێژوونوسان لە رابردووەوە تا ئێستا. هەر ئەم تێزانەی فۆکۆ کە زوربەی مێژونوسانی بەتوندی شڵەژان، وای لێکردن دژی رابوەستن‌و بە هەڕەشەیەکی جدیی بزانن بۆ پیشەی مێژوو، (مێژوونوسان) هاوپیشەکانی خۆیان ئاگادار کردەوە کە دەبێت بەشێوەیەکی جدی دژی ئەم "ئافەت زیانبەخشە بۆ کێڵگەی مێژوو" رابوەستن. (و.ف)

## فۆکۆ و تیوری نابەردەوامی لە مێژوودا

ئەگەر نەکرێت "تیورەی کار" بە مانا مارکسیەکەی وەک بنەمایەکی رێکخەر بۆ لێکۆڵینەوە مێژوویەکان بەکاربهێنرێ، لەم حاڵەتەدا دۆزینەوەی تیورەیەکی ئەڵتەرناتیڤ ئەبێتە پێویستیەکی سەرەکی. لەم وتارەدا هەوڵدراوە تا ناوەڕۆکی سەرەکی تیورەی مێژوو لای فۆکۆ رون بکرێتەوەو شایستەیی وەک چوارچێوەیەکی گشتی تازە، پێشکەش بە مێژونوسان بکرێت.

بەدرێژای چەند دەیەی رابردوو لەگەڵ دەرکەوتنی لقە تازەکانی میتۆدلۆجیاو بابەتی تازەی لێکۆڵینەوە، کە لەژێر ناونیشانی "مێژووی کۆمەڵایەتی"دا کۆبۆتەوە، شۆڕشێک لە لقی مێژوودا رویداوە . بڵاوکراوەکانی وەک "ئەنال" لە فەرەنساو "ئێستاو رابردوو" لە ئینگلتەرا، ناوکی ئەم گۆڕانە

تازانە بوون. ناونیشانو ناوی فەسڵەکان وەک سەرژمێر، شار، خێزان، ژنان، چینەکان، وەرزشو رونکردنەوەی حاڵەتی دەرونی، کۆمەڵێک ناونیشانن کە بەدرێژایی ئەم دەیەیی دوایی بەسەر بابەتو ناونیشانە مێژووییە تەقلیدیەکاندا زاڵ بووەو خستونیەتە ژێر سێبەری خۆیەوە. دیدە تازەکانی میتۆدۆلۆجیا لە هەموو بوارەکانو لقە تازەکانی زانستەکاندا بەخزمەت وەرگیراوە: پێوانی ئابوری لە لقی ئابوریەوە، چاککردنەوەی خێزان لە لقی سەرژمێری، "تەفسیری قوڵ" لە لقی خەڵکناسیەوە، شیکردنەوەی راکانی هەڵبژاردن لە زانستە سیاسیەکانەوە، شیکردنەوەی پرسیارنامەو شیکردنەوەی چینایەتی لە کۆمەڵناسیەوە، دەرونشیکاری لە دەروونناسیەوە. بەم شێوەیە مێژوو کە سەردەمێک لقێکی زانستە مرۆییەکان بوو کە لەسەر بناغەی گواستنەوەی بەسەرهاتو گێڕانەوەی حیکایەت دامەزرابوو، هەنوکە وەک تێکەڵەیەکی هەمەڕەنگ لە شێوازەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی لێهاتووە. ئەوە راست نیە کە لە سەردەمی "رانکە"وە مێژوو لەبەردەم ئەمجۆرە پیاچونەوە بەرچاوانەدا بووە، دواجار بە قبوڵکردنی ماتریالیزمی مێژوویی لەلایەن مێژونوسانەوە، مارکسیەکان قازانجێکی زۆریان لەم قبوڵکردنە وەرگرت. یەکێکی تر لە جیاکەرەوە سەرەکیەکانی گۆڕان لە مێژوونوسیدا و لێکۆڵینەوەی مێژوویی، دەرکەوتنی باسی تازەی "مێژووی دەرونیە" کە جێگەیەکی گرنگ یان بەرجەستەی بۆخۆی داگیرکردووە. تەنها ئەم سێ دەیەیە پێشتر بوو کە بەرهەمی مامۆستایانەی ئریک ئریکسۆن لەبارەی مارتین لوسەرەوە، روبەروی بێزاریو توڕەیی زوربەی مێژونوسانی کلاسیک بۆوەو لەلایەنەوە رەتکرایەوە. ئەم مێژوونوسانە تەنانەت زەحمەتی ئەوەیان بەخۆیان نەدا کە لێکۆڵینەوەیەک یان ناساندنو رەخنەیەک ئەگەرچی بەگشتی بووە بۆ ئەم بەرهەمە لە بڵاوکراوەی American Historical Review چاپبکەن، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەمڕۆ "مێژوویی دەرونی" وەک وانەیەکی سەربەخۆ لە زانکۆکانی دنیادا ئەخوێنرێت، گەلێک بڵاوکراوەی جیاواز لەبارەی مێژووی دەرونیەوە بڵاوئەبێتەوەو چەندان سەمینار و کۆنفرانس لە زانکۆ سەرەکیەکاندا لەبارەیەوە دەگیرێت.

بێگومان هێشتا شێواویو ئاڵۆزیەکی زۆر لەئارادایە. بەرنامەی ستاندارد بۆ مێژوو، شتێکە سەر بە رابردوو، لەکاتێکدا سەبارەت بەتوانا و هێزی عەقڵی ئەم هەلومەرجە، قسەیەکی زۆر هەیە بکرێت، بەڵام ئەگەری ئەم ئەنجامگیریە نائۆمێدانەیەش هەیە کە بەشەکانی مێژوو بۆ کۆمەڵێک بەشو پارچەی پەرشوبڵاوی بێ ئەژمار پارچە پارچە بێتو هەرگیز سەرلەنوێ شێوەیەک بەخۆیەوە نەگرێت کە قابیلی ناسینەوە بێت. تەنانەت رەنگە وەک زەخرەفەیەک لەناو لقەکانی تری زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا بتوێتەوە. ئەمڕۆ یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی نەگونجانو ناپەیوەستبوون لە بەرهەمە مێژوویەکاندا ئەوەیە چالاکوانانیو هەڵسوڕاوانی مێژووی کۆمەڵایەتی، خاوەنی ئەندێشەیەکی تیوری نین. رەنگە بکرێت مێژونوسان بەجۆرێک ئاوارتن بزانرێن، چونکە نوسینو بەرهەمەکانیان سەرچاوە لە نەریتێکی تیوریو قوڵەوە وەرئەگرێت. بەڵام مەسەلەکە هەمیشە بەمشێوەیە نیە. بۆ نمونە لەبارەی ئیدوارد تامپسۆن کە یەکێکە لە مێژونوسە مارکسیەکان، کاتێک یەکێک لە بەرهەمە وتوێژ وروژێنەکانی هەڵئەسەنگێنین کە دژی لوئی ئالتۆسیری فەیلەسوفو (دەکرێت بڵێین) مێژوونوسی مارکسی فەڕەنسیە، واتە "فەقیری تیوری" (١٩٧٨) دەبینین کە ئەم مێژونوسە کەمترین تێگەیشتنی بۆ چەمکی تیورە نیە. رەنگە هەموو مێژوونوسە مارکسیەکان لەو کەلەرەقیە دژە تیوریەی تامپسۆندا هاوڕای نەبن، بەڵام لە نوسینەکانیاندا ئاراستەیەکی سەرەکی بۆ

هەڵوێستوەرگرتنی ئەزمونگەریانە هەیە کە تەنها پابەندبونی بەهێزی سیاسی بە سۆشیالیزمەوە، پارێزگاری لێئەکات. مێژوونوسانی سۆشیالیستی نامارکسی بەنۆبەتی خۆیان لە فەرامۆشکردنی پێشگریمانە تیوریەکانی نوسینەکانیاندا، چەندانجار زیاتر هاودەنگن. بەشی زۆریان شێوازناسی چەندایەتیان قەبوڵەو دوای واقعیەتی بەرجەستە یان پێناسکراوی شێوازی چەندایەتی ئەکەون، و هەرگیز زیهنیەتو ئەو چەمکانە ناخەنە ژێر پرسیارەوە کە لەلایەن ئەم شێوازەوە پێشکەش ئەکرێت. لێرەوە لە نوسینەکانی پیتر لسلت مێژووی خێزانی تا ئاستی ئەژمارکردنی ئەو پەیوەندیە خوێنیە دائەبەزێت کە لە خێزان بەجێماوە. بە تێبینیکردنی جەختکردن لەسەر پێویستی وردبینی ئامار- ژماردن، ئەو کۆمەڵە مەسەلەیەی پەیوەندی بەژیانی خێزانیەوە هەیەو قابیلی ئەندازەگیری چەندایەتی نیە، وەک کۆمەڵێک مەسەلەی بێبایەخو ناگرنگ تەماشائەکرێنو ئەخرێنەلاوە. بەڵام بەگشتی لەناو مێژونوسانی کۆمەڵایەتیدا پاکیو بێگەردی شێوازناسی، نابێتە هۆی سەرکوتکردنی فزولیەتی زیهنی، و دەبێت بەچاوێکی رازیبوونو دۆستەوە تەماشای ئاراستە تازەکانیش بکەین.

لەگەڵ ئەمەشدا سەرەڕای پێشکەوتنە ئاشکراکان، سودێکی ئەوتۆ لەو هەلانە وەرنەگیراوە کە مێژووی کۆمەڵایەتی بۆ خستنە ژێر پرسیاری گریمانە بنەڕەتیەکانی بەرهەمی لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەم لقەدا داوێتی بەدەستەوە. هەر هەمەڕەنگی بابەتەکان و ئەو ناونیشانانەی مێژونوسان بەدوایدا دەچن، خۆی لە خۆیدا هاندەری گریمانە تیوریەکانی ئەم لقەیە. ئەگەر مێژووی خێزان، مێژووی شارنشینی، مێژووی ژنانو مێژووی هەلومەرجی دەوروبەر، هەمویان بواری گرنگ بن بۆ لیکۆڵینەوە، لەم حاڵەتدا پێوەرەکانی هەڵبژاردنی ئەم یان ئەو لقە بۆ لێکۆڵینەوە چیە؟. هەریەک لەم ئاراستانە چۆن دەبنە دروستکەری بوار یان زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت؟ ئایا ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە لە هەریەک لەم ئاراستانەدا پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە؟ ئایا دژ بەیەکن؟ ئایا دەکرێت بەشێوەیەک لە شێوەکان هەمویان وەک مێژووی گشتی لە شوێنێکدا کۆبکرێنەوە؟ ئەم پرسیارانە تەنها بەدەستپێکی لێکۆڵینەوەیەکی تیوری لەبارەی مێژووی کۆمەڵایەتیەوە ئەژمار ئەکرێن، کە ئەمڕۆ بونی زۆر بە پێویست ئەزانرێت. گرنگیو بایەخی دوا نوسینو بەرهەمەکانی فۆکۆ ئەوەیە بە سەرنجدان لە جیاوازیان لەگەڵ مێژووی کۆمەڵایەتیدا، زۆر بە بەهێزی هەموو پرسیارە تیوریە گرنگەکان دەهێنێتە ئاراوە.

فرەییو بابەتە هەمەڕەنگو جیاوازەکانی بەرهەمەکانی فۆکۆ، شێوەی هێنانەئارای بابەت لەدوای بابەت، چاوەڕوانیەکانی خوێنەری ئاشنا بە مێژووی کۆمەڵایەتی ئەشێوێنێت. درزی گەورە لە خوێندنەوەیدا هەیە، بێدەنگی ئەوتۆ کە بەدەنگی بەرز بەسەر خوێنەردا هاوار ئەکەن. ناونیشانو بابەتەکان بەشێوەیەکی ئازاربەخش لە رەوتی ئاسایی خۆیان ئەچنە دەرێو هەستی بەدواداهاتنی لۆژیکی خوێنەر ئەشێوێنن. ئاستەکانی شیکردنەوە تێکەڵ بەیەک ئەبنو پەشێویەک دروستئەکەن: جیاوازی نێوان بیروڕاکانو رەفتار دانی پیانانرێتو بە ئاسانی چاوپۆشی لێئەکرێت. مەسەلە سادەکانی هۆکارێتی (علیەت) فەرامۆش ئەکرێن و بەشێوەیەکی پێچەوانە پیشان ئەدرێن. شێوازی نوسینەکە زۆر قورس پڕ لە ئیستیعارەو کنایەیە و دیدی هێڵی گێڕانەوە زوربەی جار کەم رەنگ یان لە بنەڕەتدا ونە. هیچ کاتێک ئامانجی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی ورد و روون، دیاری ناکرێت، بە روکەش نە فەردیە، نە کۆمەڵیەو نە دەزگاییە. لە هەمووی خراپتر ئەوەیە مەسەلەکان لەکاتی

نوسیندا جێگۆڕکێ ئەکەن: لە دەستپێکی نوسیندا بابەتێک هێنراوەتە ئاراوە، و لە کۆتاییدا پێدەچێت کە خەریکە باسکردنی شتێکی دی ئەخوێنینەوە. دیسان لەمەش خراپتر ئەوەیە کە شێوازی نوسینی نوسەر بۆ بابەتی لێکۆڵینەوەکە هەرگیز بەڕوونی دەرناکەوێت. پێدەچێت نوسەر حەزی لە گۆڕینی هەڵوێست یان وەرگرتنی هەڵوێستێکی نافەرمیو وروژێنەر هەبێت. دواجار گەرچی فۆکۆ لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا سود لە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زۆر جیاوازو هەمەڕەنگ وەردەگرێت، بەڵام بەشی زۆری بابەتەکان فەرامۆش ئەکرێت و کەمترین سەرنجیان لێ نادات. لێرەوە جێی سەرسوڕمان نیە کە مێژوونوسان بەدبینن بەرامبەر بە نرخی هەوڵەکانی فۆکۆ.

دیارە ژمارەیەکی بەرفراوانی خەڵکناسان، کۆمەڵناسان، فەیلەسوفان، رەخنەگرانی ئەدەبیو مێژوونوسان بەرهەمەکانی فۆکۆ ئەخوێننەوە. بەڵام کاریگەری بەهێزی بەرهەمەکانی فۆکۆ مێژووییە. فۆکۆ شێوەی بیرکردنەوەیەکی تازەی لەبارەی مێژوەوەو سود لێوەرگرتنی لە ململانێ سیاسیە باوەکاندا هێنایە ئاراوە. ئەگەر فۆکۆ "منالێکی بەدە" کە لقی زانستە مرۆڤایەتیەکان بەرەو لەناوچون ئەبات، لە هەمانکاتدا بە یەکێک لە شەیداترین لێزانی ئەم بوارانەش ئەژمار ئەکرێت، کە ئەیەوێت لەڕێی پراکتیکێکی مێژوویی رەسەنو زۆر تایبەتەوە، هێڵە سەرەکیەکانی ئەم لقانە تازەبکاتەوە. فۆکۆ مێژوونوسێکی دژ بەمێژووە. مێژونوسێک کە لە نوسینەوەی مێژوودا هەڕەشە لەیەک بەیەکی رێساو حوکمەکانی ئەم پیشەیە دەکات. لێرەوە دەکرێت بپرسین ئایا لە بنەڕەتدا لە تێکستەکانی فۆکۆدا "تیورەیەک لەبارەی مێژوەوە" ئەبینرێت؟ ئایا بەپێچەوانەی نوسینی دژی سیستەمی فۆکۆوە، دەکرێت کۆمەڵێک چەمک یا وتەزا بدوزرێتەوە کە ژێرخانی زانیاریەکی فراوان، بەهێزو وروژێنەری فۆکۆ ئاشکرا بکات؟.

خوێندنەوەی بەرهەمە سەرەکیەکانی فۆکۆ رەنگە مرۆڤ بەو ئەنجامگیریە بگەیەنێت کە فۆکۆ شتێکی وەک "تیورەی مێژووی" پێشکەش نەکردووە. فۆکۆ هیچ بەرهەمێکی لە قاڵبی شێوەی لێکۆڵینەوەکانی "توین بی"دا، واتە لێکۆڵینەوەی رابردوو و تیکئاڵانی مێژووی چەند هەزارەی دوایی لە چوارچێوەی وتەزای هەمەکیدا نەنوسیووە. هیچ تیورەیەکی لەبارەی هۆکارێتی (علیەت) — بەو مانایەی هۆکارێک یان کۆمەڵێک هۆکار چارەنوسی مرۆڤ دەست نیشان ئەکەن– پێشکەش نەکردووە. هیچ وتار یان نامەیەکی ئامانجناسی نەنوسیوە کە بۆ نمونە بیسەلمێنێت کە دەبێت بەشێوەیەکی دیاریکراو لە ماناو ئایندەی مرۆڤایەتی بگەین یان بەدیبهێنین. جگە لەمەش زۆرێک لە مێژونوسانی لێزان لە دنیای ئینگلیزی زماندا، زۆرجار تەنانەت ئەوە قەبوڵناکەن کە فۆکۆ یەکێک بێت لەوان. زۆرێک لە مێژوونوسانی ئەمەریکیو ئینگلیزی، کتێبەکانی فۆکۆ نەک وەک فراوانکردنو پەرەپێدانی تیورەیەکی تازە لەبارەی مێژوەوەو تەنانەت نەک وەک بەرهەمەکانی مێژوونوسێکی ئەزمونگەر، بەڵکو وەک هێرشێک بۆ سەر لقی مێژوو تەماشائەکەن. مێژوونوسێک بەشێوەیەکی روکەشانەو ساویلکانە ئاماژە بۆ "نەفیکردنی زیادەڕەوانەی بەها زاتیەکانی لقی مێژوو" لەلایەن فۆکۆوە ئەکات. مێژوونوسێکی تر بە نوسینی بابەتێک لە بڵاوکراوەی موعتەبەر و بەپێزی journal of Modern History دا بە تەرخانکردنی زیاد لە پەنجا پەڕە، هەوڵئەدات مێژوونوسان لە مەترسیەکانو دەرئەنجامە وێرانکاریەکانی بەرهەمەکانی فۆکۆ بۆ لقی مێژوو وریا بکاتەوە. لەم هەلومەرجەدا کێ جورئەت ئەکات یان ئەو مافە بەخۆی ئەدات باسی "تیورەی مێژووی فۆکۆ" بکات؟

دەبێت ئەو خاڵەش بەبیر بهێنینەوە کە فۆکۆ تا کاتی مەرگی ناوەختو خەمناکی، لێپرسراوی کورسی وانەی مێژوو بوو (مێژووی سیستەمە فکریەکان) لە کۆلیژ دی فرانسی پاریس. هەروەها دەبێت ئەوەش بڵێین کە فۆکۆ شەش بەرگ کتێبی نوسیوە کە پەیوەندی بە رەهەندە جیاوازەکانی مێژووی رابردوی ئەورووپاوە هەیە: شێتیو شارستانێتی: مێژووی شێتی لە سەردەمی عەقڵدا (١٩٦١) (وەرگێرانی ئینگلیزی ١٩٦٥، ١٩٧٧)، لەدایکبوونی خەستەخانە: ئەرکۆلۆژیای تێگەیشتنی پزیشکی (١٩٦٣) (ت: ١٩٧٥، ١٩٧٧، ١٩٧٩)، سیستەمی شتەکان: ئەرکۆلۆژیای زانستە مرۆییەکان (١٩٦٦) (ت ١٩٦٦، ١٩٦٩، ١٩٧٧)، ئەرکۆلۆژیای زانین، و گوتارێک لەبارەی زمانەوە، دوو بەرهەم لەیەک بەرگدا (١٩٦٩) (ت: ١٩٦٩، ١٩٧٥)، کۆنترۆڵو سزا: لەدایکبونی زیندان (١٩٧٥) (ت: ١٩٧٧، ١٩٧٩)، مێژووی سیکسوالیتی لە سێ بەرگدا (بەرگی یەکەم: پێشەکی ١٩٧٦، ت: ١٩٨٠) (بەرگی دوهەم: بەکارهێنانەکانی لەزەت ١٩٨٤، ت: ١٩٨٥) (بەرگی سێهەم: سەرنجدان لە دەرون ١٩٨٤) کە دوو بەرگی دوایی لە دوا رۆژەکانی ژیانی فۆکۆدا چاپکران. هەموو ئەم بەرهەمانە لانیکەم بە روکەش بە بەرهەمی مێژووی ئەژمێرێن. ئێستا چۆنە کە کەسێک ئەوەندە خەریکی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی دەوڵەمەند، داهینەرانەو قوڵ بووە لەبارەی رابردووەوە، ناوی مێژونوسی لێ نانرێت؟

## 1- تیوری نابەردەوامی:

وەڵامی پرسیارەکەی سەرەوە زۆر ڕوونە. فۆکۆ رەوتی گۆڕانی مێژووی رابردوو ناگێڕێتەوە، حکایەتخوانی روداوو و بەسەرهاتەکانی رابردوو نیە، لەمڕوەوە حکایەتخوانیی ناکات کە چۆن "مێژووی یەکپارچەی رابردوو" بەئارامی و بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ دروستبوو. بە کورتی فۆکۆ مێژوونوسی بەردەوامی نیە، بەڵکو مێژوونوسی نابەردەوامیو بەدوای یەکدا نەهاتنە. فۆکۆ هەوڵئەدات جیاوازبون، نامۆییو هەڕەشەئامێزی رابردوو پیشانبدات. هەوڵی فۆکۆ ئەوەیە رابردوو لە ئێستا جیابکاتەوە، واتە دابڕانی ئەو پەیوەندیە سادەو گەرمەی کە مێژوونوسان بەشێوەیەکی تەقلیدی لەنێوان رابردوو و ئیستادا هەیانبووەو هەیانە. فۆکۆ ئەیەوێت پێگەی مێژوونوس لە تاکەکەسێکەوە کە بەکۆکردنەوەی هەموو ماناکانی "رابردوو" و بەدواداچونی ئەو رەوتی ناچاریانەی لەرێگەیەوە ئەو مانایانە لە "ئێستا" دەتوێنەوە، پارێزگاری لە "ئێستا" دەکات، بکاتە پێگەیەکی فەردی کە رابردوو لە ئێستا دائەبڕێنێت، و بە پیشاندانی نامۆبونی رابردوو، ڕەوایەتی ئێستا کەمو مەرجدارو رێژەیی ئەکات. فۆکۆ ئەم کارە بەشێوەیەکی توندو بریندارکەر ئەنجامئەدات، بۆ نمونە لەم دەربڕینانەی خوارەوەدا فۆکۆ سەرزەنشتی مێژوونوسە رۆشنبیرەکان دەکات، لەبەر وەسواسی فکری یان دڵەراوکێی زیاد لەسنوریان لەبارەی نزیکیو خزمایەتی نزیکی نێوان بیروڕاکان، کە لەڕاستیدا دەربڕینێکی ترە لە تێزی بەردەوامی:

گەڕان لەناو ئەم ژمارە زۆرەی پێشتر ناومان هێنان بەدوای تێکستێکدا کە "لەپێشەوە" هاوشێوەی تێکستێکی دواییە، بۆنکردنی مێژوو بۆ دۆزینەوەی پێشبینیەکان، و یان دەنگدانەوەی دوبارە وتراوەکان، گەڕانەوە بۆ رابردوی دوور بۆ دۆزینەوەی تۆوەکانی سەرەتا، یان چونە پێشەوە بۆ دۆزینەوەی دوا جێپێکان، ئاشکراکردنی پابەندبونی مێژوو بە نەریت یان یەکتابوونی کە قابیلی

کورتکردنەوە نیە، بۆ ناو تێکستێک، زیادکردن یان کەمکردنەوەی توانای داهێنانی، وتنی ئەوەی کە نەحویەکانی پۆرت رۆیال هیچیان دانەهێناوە، یان دۆزینەوەی ئەو خاڵەی "کویە" ئیلهامێکی زۆری لە پێشینانەوە وەرگرتووە، هەموو ئەمانە بۆ مێژونوسانێک کە لە هەموو پێشکەوتنێک ئەترسن، تەکنیکیی بەرێژە بێ زیانە". بەمشێوەیە لوتکەی پێگەیشتنو کاملبونی هەر مێژونوسێک پێویستی بە تامکردنی تامی رابردوو و ئارەزوکردی وەک تامەزرۆیەکی گەورە بۆ شتێکی جیاوازە.

فۆکۆ دەمامکی مەزڵومیەتو پاکی ئەبستمۆلۆجی مێژوونوس لائەباتو هەقیقەت ئاشکرائەکات. فۆکۆ ئەم پرسیارە بریندارکەرە ئەهێنێتە ئاراوە: کاتێک مێژوونوس بەدوای دۆزینەوەی جێپێی بەردەوامی مێژووی رابردودایەو هۆکانی روداوەکانی رابردوو ئەگەڕێنێتەوە بۆ رەگەزی بەردەوامی، چ بەڵایەک بەسەر رابردودا دێنێت؟ لە روانگەی فۆکۆوە مێژوو هاوکات شێوەیەکی زانینو شێوەیەکی دەسەڵاتە، بەمانایەکی دی مێژوو ئامێرێکە بۆ کۆنترۆڵو دەستەمۆکردنی رابردوو لەرێگەی ناسینیەوە. بەدەربڕینی رانکە مێژوونوس وا پیشانی ئەدات کە دوبارە مێژوو لە شکڵێکی واقعیدا دروست ئەکاتەوە. مێژوونوس بە سودوەرگرتن لە ئاوێتەکردنو تێکەڵکردنی ناشیانەی حیکایەتەکان، ئامارو ژمارەکان، روانگەی رابردوو بە وریاییەوە بە رەنگەکانی ئێستا رەنگرێژ و وێنە ئەکات. ئەو ئێستا بەپێی رابردوو وەسفئەکاتو بانگەشەی ئاشکراکردنی هەقیقەت یان هەقیقەتێکە لەبارەی رابردوو و ئێستاوە. مێژوونوس بێ ئەوەی خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەم ئەرکە ئەنجامئەدات، لەکاتێکدا ئەبێت کاری مێژوونوس لەژێر پاڵنەری هێزی هەقیقەتی پەتیو گەڕان بەدوای ڕاستیدا ئەنجامبدرێت.

لە بابەتە سەرەکیەکەمان دوور نەکەوینەوە. رەخنەی فۆکۆ لەسەر بناغەی دژایەتی نێوان بابەتیبوونو رێژەگەری، زانستو ئایدۆلۆژی بیناکراوە. هەڵوێستی ئەو رەنگە لە هێرش بۆسەر بێلایەنی بەهایی بچێت، بەڵام ئەو مەسەلەیەی فۆکۆ ئەیەوێت شتێکی ترە. زانینی ئەو خاڵەش هیچ یارمەتیەک نادات کە ئایا بۆ نمونە مێژوونوس بەئاشکرا ئەو بەهایانەی خۆی بڕوای پێیەتی وەک خۆشەویستی نیشتیمان، لایەنگری حیزبیو ئەم بابەتە شتانە ئەخاتە کار یان نا. رەخنەی فۆکۆ زۆر بنەڕەتیترە لەم قسانە. خاڵی سەرەکی ئەوە نیە ئایا مێژوو بە گرنگیدان بە شتە بابەتیەکان دەنوسرێتەوە، یان بە پاڵنەرێکی ئایدۆلۆژی، بەڵکو ئەو خاڵەی جێگە باسە، کاری کەسێکە کە بانگەشەی ئەوە ئەکات خودهوشیاری ئەو هەڵگری جۆرێک هەقیقەتە لەبارەی رابردووەوە کە لەرێی نوسینەوەی مێژوەوە دەریئەخات. فۆکۆ بڕوای وانیە هەنگاوی لەمشێوەیە هەوڵی بێهودەو ناومکینو ناڕەوان، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەمە بەکارێکی چالاک، ئیرادەوی ئەزانێت کە ئاماژە بۆ زەوقو تامەزرۆیی لەکارکردن بە کەرەسە و بابەتەکان ئەکات. ئەمە داهێنانێکە، چیرۆکێک یان رۆمانێک بەمانای وردی وشە. چیرۆکێک کە بەپێی وتەی پۆزتڤیزمەکان، لیبراڵەکانو مارکسیەکان گوتارێک بەرهەمدێنێت، بە کۆمەڵێک ماناوە کە هەرکەسێک بیخوێنێتەوە ئەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە. فۆکۆ بڕوای وایە نوسینی مێژوو کارێکە کە کاریگەری بەدوای خۆیدا دێنێت، و ئەم کاریگەریانەش بەدەر لە حیزبی سیاسی کەسی مێژوونوس، رووی لە سڕینەوەی جیاوازیو ناچونیەکی رابردووەو ئاراستەکردنی ریوایەت یان تەفسیرێکی دیایکراو بۆ ئێستا هەیە. دواجار بەکارهێنانی گوتاری رابردوو، مێژوونوس لە پێگەیەکی بەهێزدا دادەنێت: مێژوونوس وەک کەسێک کە رابردوو دەناسێت، خاوەن

دەسەڵاتە. مێژوونوس رۆشنبیرێکە کە دەسەڵاتی بەسەر رابردوودا هەیە، بەتەواوی شارەزایەتی، بەهێزی ئەکات، فراوانو پەرەی پێئەداتو کۆنترۆڵی ئەکات. لەبەرئەوەی مێژوونوس لەژێر چاودێری تیورەی بەردەوامیدا توانای کۆکردنەوەی ئەزمونەکانی رابردوی لەخۆیدا هەیە، لەبەرئەوە جۆرێک بەرژەوەندی ئایدۆلۆژی هەیە لە پاراستنو جەختکردن لە گرنگی رابردوو، جەختکردن لەسەر جۆرێک ناچاری کە تیایدا رابردوو بە ئێستا کۆتایی دێت، هەروەها نکوڵیکردن لەوەی بەپێی جۆرێکی دیارکراوی دەسەڵات لەئارادایە. فۆکۆ ئەنوسێت:

"مێژووی بەردەوام بەشێکی دانەبڕاوی دەوری سەرەکی خودە (بکەری مێژوو): زەمانەتی ئەوەی هەرچیەک کە لەدەستی داوە دەکرێت جارێکی دی بەدەستی بێنێتەوە، ئەو دڵنیاییەی کە زەمەن هیچ شتێک بێ گێڕانەوەی بۆ چوارچێوەی یەکێتیەکی سەرلەنوی دروستکراوە لەناو نابات، ئەو مژدەیەی کە دواجار خود رۆژێک–لە شکڵی خودهوشیاری مێژوویدا– ئەتوانێت جارێکی تر هەموو ئەو شتانەی بەهۆی لیکنەچونو جیاوازیەوە لەیەک دورکەوتونەتەوە یان دوور لەیەک دانراون، سەرلەنوێ بۆخۆی هەڵگرێتەوەو بیخاتە ژێر دەسەڵاتو کونترۆڵی خۆیەوە و تیایاندا شتێک بدۆزێتەوە کە دەکرێت ناوی بنێن مەنزڵگاو مەبەستی ئەو". بەمشێوەیە مێژوو بەو شێوەیەی ئەمڕۆ کاری پێئەکرێت، جۆرێک هەمەکی بەخشی هیگڵی رابردوو و ئێستا پیشان ئەدات.

گرنگی رەخنەی ئەبستمۆلۆژی بەکارهێنانی مێژوویی لەلایەن فۆکۆوە، کاتێک ئاشکرا ئەبێت کە لەبارەی ئەو کۆمەڵە لقە مێژووییەوە کە هوشیارانە خۆیان بەلایەنگری پێشکەوتن ئەزانن بەکاربهێنرێت. کاتێک پەیوەندی نێوان بزوتنەوە رزگاریخوازەکانو نوسینی مێژوو لە زەمەنی ئێستادا باس ئەکرێت، بەهێزی تیورەی نابەردەوامی فۆکۆ بەڵگەنەویست ئەبێتو وەک تیورەیەکی بەجێو گونجاو دەرئەکەوێت. قوتابخانەی مێژووگەری مارکسیانە نمونەیەکی زۆر گونجاوە. بەپێی بنەماکانی ماتریالیزمی مێژوویی پەیوەندییەکی راستەوخۆ هەیە لەنێوان تیورەو نوسینی مێژوو لەلایەک، و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کۆمەڵایەتی لەلایەکی ترەوە. لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی ناکۆکی چینایەتی لەژێر رۆشنایی تیورەی شێوەی بەرهەمهێناندا، رێنماییەکە بۆ ئاگاداربوون لە چۆنێتیو رەوتی ململانێکان لە ئێستادا. بەبڕوای مارکسیەکان مێژوو نە بۆ سەرگەرمی ئەنوسرێتو نە بۆ خۆهەڵکێشان. هەندێک مێژوو بۆ بەرەوپێشچونی شۆڕش ئەنوسن. ئەم مێژوونوسانە مێژووی ململانێی چینایەتی رابردوو هەرچەند لەڕووی چۆنایەتیشەوە جیاواز بێت، کۆئەکەنەوەو لەسەر بناغەی ئەوەش تەئیدی بزوتنەوە رزگاریخوازە کۆمەڵایەتیەکانی ئێستا ئەکەن. لێرەوە بەردەوامی رابردوو و ئێستا لە مێژوونوسی مارکسیانەشدا ئەپارێزرێت. مێژوونوسی مارکسی تەنها پاسەوانی مۆزەخانەی ململانێ فەرامۆشکراوەکان نیە، بەڵکو بەهۆی زانینی خۆیەوە بە ئەکتڤیستو بەشداریکارە بەرجەستەکانی هەلومەرجی هەنوکەی راپەڕینو شۆڕش ئەژمێرێت، مێژوونوسێک کە لەڕووی تیوریەوە کەسێکی ئاگادارو شارەزایەو چەندان پلە زیاتر لە کرێکاران هوشیارە سەبارەت بە ستراتیژی شێوەی گۆڕان. لێرەوە مارکسیزم جەخت لەسەر ئامادەیی بەشێکی دیاریکراوی رۆشنبیران ئەکاتەوە وەک نوێنەرانی کرێکاران لە پەیامی ترسناکی شۆڕشدا.

ماتریالیزمی مێژوویی لە ڕەوتی بەدەستهێنانی دەسەڵات بەسەر کرێکاراندا لەرێگەی پشتبەستن بە توانای رۆشنبیران لە ناسینی رابردوو و بەدوای ئەویشدا ئێستا، بە پشتیوانیەکی تیوریو بەهێز

ئەژمێرێت بۆ لینینزم. بەمشێوەیە رۆحی هەقیقی بزوتنەوەکە بۆ گۆڕانو شۆڕشی کۆمەڵایەتی، لەدەستی کرێکاران ئەچێتە دەرێو ئەگوێزرێتەوە بۆ زیهنو بیری رۆشنبیران. بەم وەسفە بەپێی تێزەکەی فۆکۆ لەو روەوە کە تیورەی بەردەوامی، خەباتی کرێکارانی گواستۆتەوە بۆ رۆشنبیرانو ئەبێتە هۆی ئەوەی ئەوان بەرهەمو دەستکەوتەکانی خەباتی کرێکاران بخەنە گیرفانی خۆیانەوە، کەوابوو مێژوو لەلایەن رۆشنبیرانەوە خراپ سودی لێ وەرگیراوە.

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەپێچەوانەی پرۆپاگەندەکارانی دژ بە کۆمنیستی سەردەمی جەنگی ساردەوە، لادان و تاوانبارکردنی مارکسیەکان نیە. دەکرێت هاوشێوەی ئەم شیکردنەوەیە بۆ مێژوونوسانی لێبراڵ، پۆزتڤیزمو تەنانەت کەلەڕەقترین گروپەکان واتە ئەزمونگەرەکانیش بهێنینەوە، چونکە لەبارەی هەمویانەوە راستە. لەڕاستیدا بە تێبینیکردنی ئەوەی هێشتا لایەنگرانی ئەزمونگەری بەسەر مێژوونوسی ویلایەتە یەکگرتووەکانو ئینگلتەرادا باڵادەستن، لەبەرئەوە زیاد لە هەر روداوێکی تر پێویستیان بە تاوتوێکردنی رەخنەگرانە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا من بە هێنانەئارای چەند پرسیارێک لەبارەی مارکسیزمەوە، تاوتوێی زیاتری تیورەی مێژوویی فۆکۆ ئەکەم. چونکە بە بڕوای من مارکسیزم گرنگترین قوتابخانەی مێژووگەری بووە و لەبەرئەوەش کە فۆکۆ لە فەڕەنسا راستەوخۆ سەروکاری لەگەڵ ئەم قوتابخانەیەدا هەبوو.

## 2_ ئەرکیۆلۆژیای زانین/ جینالۆجیای دەسەڵات:

لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٧٠دا فۆکۆ دوو کتێبی دی نوسی: "سزاو کۆنترۆڵ"و "مێژووی سێکسوالیتی" کە لەڕاستیدا خاڵی دەستپێکردنی جیابونەوەیەتی لە نوسینو بەرهەمەکانی پێشوی، و بەشێوەیەکی دیاریکراو بە فراوانکردنو پەرەسەندنی تیورەی مێژوویی فۆکۆ ئەژمێرێت. فۆکۆ لەو بەرهەمانەدا کە دەربارەی زیندانیەکانو مەسەلەی سێکسوالیتی نوسیوێتی، ئامانجی خۆی بە گەڕانو دۆزینەوەو پێشکەشکردنی جۆرێک پێکهاتەو پەیکەربەندی زانینو دەسەڵات یان کۆمەڵێک پەیکەر داناوە کە بەشێوەیەکی ئاشکراو روو لە زیاد بووە بە خەسڵەتی دیاریکراوی کۆمەڵگای ئەورووپیو ئەمەریکی لە سەدەی بیستەمدا. فۆکۆ بڕوای وایە زانینو دەسەڵات پەیوەندیەکی قوڵو دێرینیان بەیەکەوە هەیە، و پەیکەربەندی نێوانیان، ئامادەییەکی زاڵ و ناچاریانەی بەسەر کۆمەڵگای پیشەسازی پێشکەوتودا هەیە. بەشێوەیەک کە تەنانەت دەست ئەخاتە ناو شەخسیترینو تایبەتمەندیترین بوارەکانی ژیانی رۆژانەی تاکەکانیشەوە. شێوەی دەسەڵاتی تایبەتی سیستەمی سەرمایەداری پێشکەوتوو، نە وەبەرهێنان، نە لەخۆنامۆبوون، نە سەرکوتی دەروونی، نە بێ سەروبەریو نە رەفتاری خراپە، بەڵکو نمونەیەکی تازەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیە، کە بەکردەوە لە زوربەی حاڵەتەکاندا لە زەمینەی کۆمەڵایەتیدا شاراوەیەو کۆمەڵێک بونیاد پێکئەهێنێت کە کارگوزارەکانی هەموانو هیچ کەسیش نیە.

من لە جێیەکی دیدا چەمکی کارم لای مارکس تاوتوێ کردووەو ئاماژەم بۆ کەموکوڕیو سنوردارێتیەکانی کردووە. لێرەشدا ئاماژە بۆ هەندێک لەو رەخنانە ئەکەمو ئەیخەمە ناو بۆتەقەی رەخنەی فۆکۆوە لە خود "بکەر"، و لە دیدی ئەوەوە پیشانی ئەدەم کە بۆچی هاوشێوەو لێکچووی

"گریمانە لیبرالیەکانی مێژوون". ئەوسا پیشانی ئەدەم کە چۆن وتەزای "زانین/دەسەڵات"، واتە ئەڵتەرناتیڤی فۆکۆ لەبەرامبەر وتەزای بکەری کرێکاردا توانای رونکردنەوەی رووبەری مێژوویی بەشێوەیەکی مژدەبەخش‌و ئومێدبەخش هەیە. پاشان دەست دەکەین بە لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی وتەزاکانی ئایدۆلۆژیاو سەرکوتکردن کە لە وتەزاکانی مارکسیزمی رۆژئاواییین. لە دیدی فۆکۆوە ئەو بیروڕایانەی ناومان هێنان، لەڕووی بەکارهێنانیانەوە لە گوتاری مێژوویشدا، لاوزاو کەموکوڕیان هەیە.

تەبا لەگەڵ دیدی فۆکۆو چەند تیورەسازێکی پۆستمۆدێرن‌و رادیکاڵدا کە کۆمەڵێک هێڵی بەڵگاندنی تیۆری یەکسان‌و بەڕێژە چونیەکیان هەیە (ژیل دۆلۆز، فیلیکس گتاری،/ژان بۆردیار، ژان فرانسوا لیوتار) تێڕوانینی مارکس بۆ چەمکی کار بەهۆی پشتبەستن بە هەندێک رووی تیورەی لیبراڵەوە کە بەدوای بڵنکردنەوەیانە، درزی تێکەوتووە. مارکسیەکان‌و لیبراڵەکان بەشێوەیەکی یەکسان کار بە دروستکەری دنیای کۆمەڵایەتی وەک بەرهەمی بکەرێکی دەستەجەمعی، واتە هێزی کار ئەزانن. بەڵام مارکسیەکان زیاتر ئەڕۆن‌و دەریئەخەن چۆن دەستکەوت‌و بەرهەمەکانی کار بەهۆی میکانیزمەکانی وەربەرهێنان‌و لەخۆ نامۆکردنەوە، لە کرێکار-بکەر ئەدزرێت. (بەڵام) بەبڕوای لێبرالەکان کرێکاران کرێیەکی دادپەروەرانەو گونجاو کە لەرێی بازاڕەوە دیاری ئەکرێت وەرئەگرن، بەشێوەیەک کە دەسەڵات لەناو ئەچێت. لەهەردوو حاڵەتەکەدا بابەتی شیکردنەوەی مێژوویی-کۆمەڵایەتی ڕووی لە تاکی خودە (سوبژێکت). لە دیدی لیبراڵەکانەوە ئەم نمایشە کاتێک ئەگاتە لوتکەی قەیرانی خۆی کە "پەیمان" ببەسترێت: دوو بکەر کە لۆژیکی‌و عەقڵانی رەفتار ئەکەن، لەبارەی بەرپرسیارێتە دولایەنەوە بەسازان ئەگەن. لە کاتێکدا لە دیدی مارکسیەکانەوە "پەیمانێکی" وا بەتەواوی یەکلایەنیەو لە هەردوولای پەیمانەکە هەمان چۆنایەتی یەکسان نیە، بەڵکو جیاوازن لەیەک: بکەرەکان-کرێکار لەسەر کەرەسە سەرەتاییەکان کار ئەکەن، شتگەلێک دروستئەکەن کە لە ڕێگەی کەناڵەکانی دنیای کۆمەڵایەتیەوە دابەش ئەکرێن، بەڵام تەنانەت لێرەشدا ئێمە سەروکارمان لەگەڵ چیرۆکی لاهوتی خودە چالاکەکان هەیە کە مادە بەشێوەیەکی خوازراو دروستئەکەن. لە هەردوو حاڵەتەکەدا روبەری کۆمەڵایەتی-مێژوویی بۆ شیکردنەوەو لێکۆڵینەوە، لەسەر بناغەی خود ئامادەکراوە.

بەبڕوای فۆکۆ ئەم شیکردنەوەو تاوتوێکردنانە گونجاوو بەس نیەو مارکسیزم ناتوانێت ببێ بە بنەمایەک بۆ تیورەی رەخنەگرانەی مێژوو، چونکە لە دیدی سنورداری قازانجی خودەوە، ناتوانین بە چیەتی‌و ناوەرۆکی شێوە جیاوازەکانی ئاشکراو شاراوەیی دەسەڵات لە سەدەی بیستدا بگەین‌و ئاشکرایان بکەین، چونکە ئەمڕۆ دەسەڵات شکڵی پێکهاتە یان بونیادی زانین‌و دەسەڵاتی بەخۆیەوە وەرگرتووە کە لە دەرەوەو جیا لە تاکی خود نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ خود هەست پێنەکراوە. تیورەی رەخنەگرانە ناتوانێت مێژوو وەک گواستنەوە لە ئەرستۆکۆراتە چاوچنۆکەکانەوە بۆ سەرمایەدارانی وەبەرهێنخواز دابنێت، چونکە هەنوکە دەسەڵات نە رووی لە خودەکانەو نە دەرئەنجامی کاریانە. لە دەرئەنجامدا پرۆسەی کار کە بەهۆی مارکسەوە تیوریزە کراوە، ئەمڕۆ ئیدی بە سەرچاوەی رادیکالیزمێکی هەستپێکراو کە بۆ روخاندنی شێوە باوەکانی دەسەڵات بەسودو کاریگەرن. ئامادە ناکات.

مەسەلەکە ئەوە نیە کە پرۆسەی کار لە دەسەڵاتی ستەمو سەرکوتکردن یان "تەکنەلۆژیا باڵادەستەکانی دەسەڵات" رزگار نەبووە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە جوڵەو جێگۆڕگێ بەرەو چەمکە رەخنەگرە تازەکان، بە پشتبەستن بە میکانیزمە کۆمەڵایەتیەکانی تر باشتر روئەدات–تاڕادەیەک لەبەرئەوەی مارکسیزم وتەزای کار کۆلۆنیال ئەکاتو تاڕادەیەکیش لەبەرئەوەی کە بونیادە زاڵ و باڵادەستەکان لە شوێنەکانی تریش پەرەی سەندووە. فۆکۆ لە میکانیزمەکانی تەمێکردنو سێکسوالیتەدا، لە جێگەو پێگە کۆمەڵایەتیەکانی خێزاندا، سوپا، خەستەخانەکاندا شێوە تازەکانی دەسەڵات ئەدۆزێتەوە، کە لەڕاستیدا بەتێکەڵو گوتارو میکانیزمگەلێکی جیاوازی دروستکەری شێوە تازەکانی کۆنترۆڵو ملکەچکردن ئەژمێرێن. ئەم پرۆسەیە هەروەها میکانیزمەکانی کارکردن لە سیستەمی سەرمایەداریدا خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوەو گۆڕانی بەسەردا هێنا، دیارە نەک بەو شێوەیەی مارکس بڕوای پێبوو. رێکخستنو دیسپلین لەناو کارخانەدا نابێت لەگەڵ میکانیزمەکانی وەبەرهێنانو لەخۆنامۆبوون بە یەک شت بزانین.

فۆکۆ لە دوو بەرهەمی "کۆنترۆڵو سزا"و "مێژووی سێکسوالیتی" مێژووی تاوانو جنس بۆ دوو یان سێ قۆناغی سەرەکی دابەش ئەکات، کە تیایدا سەدەی هەژدەهەم وەک یەکێک لە هێڵە جیاکەرەوەکان لەبەرچاو ئەگیرێت. لە سەردەمی سەرەتادا زانینو دەسەڵات لەبارەی تاوانەوە تەنها رووی لە جەستەی کەسی تاوانبار بوو. لە نمونەی پەندئامێزی دامیانی شا کوژدا، بۆ ئاگاداربوون لە "هەقیقەتی" تاوانەکەو وەرگرتنی دانپیانان، بە زنجیرەیەک ئەشکەنجەی نهێنیو تەمێکردنی ئاشکرا، سود لە "تەکنەلۆژیاکانی دەسەڵات" وەرگیرا. جەستەی دامیان بووە ئامانجی تاقیکردنەوەکانی زانین/دەسەڵاتی دەزگای دادوەری رژێمی کۆن. لەسێدارەدانی ئاشکرای بێ بەزەییانەو درندانەی دامیان، دوا مەراسیم بوو کە تیایدا سیستەمی سزادانی پێشمۆدێرنی تیا ئەنجامدرابوو.

تا پێش روداوەکانی دژ بە ریفۆرمخوازی، زانین/دەسەڵاتی باڵادەست بەسەر دیارەی سێکسوالیتیدا، ئاڕاستەی جەستەو کردارەکانیو هەڵەو لاساریەکانی ئەکرا. لەم حاڵەتدا گوتاری سێکسوالیتی لەژێر سەرپەرشتیو چاودێری خاوەن پلە دینیەکان یان رۆحانیەکاندا بوو، نەک خاوەن پلە دنیاییەکان. جێگەی تایبەتی داننان بە گوناهەکاندا، جێگەیەک بوو کە تیایدا کردارە سێکسیەکان تاوتوێ ئەکراو لێی ئەکۆڵرایەوە. پرسیارگەلێک ئەکرا بۆئەوەی دەرکەوێت چ کردارێکو بەهۆی چ کەسێکەوە، لە چ هەلومەرجو جێگەیەکدا و چەندجار ئەنجامدراوە. بە مەبەستی دیاریکردنی پەشیمانی لەپای پێشێلکردنی بنەماو رێسا دینیو ئەخلاقیەکان، کۆمەڵێک بەرنامەی جێگیری تۆبە دانرابوو. ئەوسا لەسەردەمی پێش مۆدێرندا زانین/دەسەڵات بە کونترۆڵکردنی جەستەی تاکو بەڕێکخستنی لەکاتی پێویستدا بۆ بەرهەمهێنانو دوبارە بەرهەمهێنانەوەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی، دەستیکرد بە دروستکردنو شکڵدان بە میکانیزمەکانی تاوانو سێکسوالیتی. کۆی کاریگەرییەکانی شیکردنەوەکانی فۆکۆ بۆ ئەم تەکنەلۆژیانەی دەسەڵات، پێویستی بە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی وردی بەرهەمو تێکستەکانی فۆکۆ هەیە. بەڵام ئەم لێکۆڵینەوە گشتیەش رەنگە بتوانێت سەردێڕە گشتیەکانی بابەتەکانی دۆزینەوە روونبکاتەوە.

ساڵەکانی سەرەتای سەردەمی تازە بەجۆرێک نابەردەوامی بەرچاو لە سەدەی نۆزدەو بونیادی تاکانەی زانین/ دەسەڵات جیا ئەکرێتەوە. لەم سەردەمانەی دواییشدا گوتارەکانی پەیوەندی بە

سێکسوالیتیو تەکنەلۆژیەکانی دەسەڵات دژی تاوانەوە هەیە، گۆڕانی قوڵی بەسەردا هات. تاوانو سێکسوالیتی بووە بابەتی جێی سەرنجی خاوەن پلەکانی دیسپلینی تازە، کە بە داهێنانی تیورە لەبارەی "سروشتی وردی دەسەڵات"، لە هەموو ئاسۆی کۆمەڵایەتیدا بڵاویان کردەوەو پەرەیان پێدا. کتێبی "سیستەمی چاودێری باڵادەست بەسەر هەموو کەسو هەموو جێیەک"دا کە بەرهەمی "بنتام"ەو تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی تاوان، بوو بەیەکێک لە سەرچاوەکانی سیستەمی تازەی زیندانەکان، و لەبارەی سێکسوالیتیشەوە تیورەی چەپاندن (ئارەزوە نوستوەکان)ی فرۆید دواجار بوو بە تیورەیەکی باڵادەست بەسەر ژیانی خێزانیدا. لە هەردوو حاڵەتدا رژێمی یاسایی‌و دادوەری تازەیان دروستکردووە کە تیایدا تاوانباران، تاوانکاران‌و چالاکی سێکسی (بەتایبەتی سەبارەت بە منداڵان) بە وردی‌و وەسواسیەکی زۆرەوە کۆنترۆڵو چاودێری ئەکرێت. ئامانج یان بابەتی چاودێری لە جەستەوە گواستراوەتەوە بۆ زیهن، شێوازەکانی کۆنترۆڵیش بە سەرنجدان لەوەی کە دەرئەنجامو کاریگەرییە تەکنەلۆژیەکانی دەسەڵات جۆری تازەی گروپی ملکەچ و دیسپلینکراو دروست ئەکات، بەشێوەیەکی وردو کامڵ روون کراونەتەوە. بیرۆکراتیەکی درێژوپان بۆ کۆنترۆڵی تاکەکان دروستبووە، ئەرشیفەکان، پێشینەی ئەرشیفێکی کامڵو گشتگیر هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی مەزنی لقە زانکۆییەکان‌و ئەزمونی زانستی- بۆ لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی تەنانەت پڕوپوچترین‌و ئاسایترین بیروڕاو کردارەکانی تاوانبارو تۆمەتبارانی بەزەبر دروستبووە، بۆ کەسانێک کە بەردەوام تاوان ئەکەن، کەسانێک کە لە سەردەمی منداڵیدا توشی لەخۆ رازیبون بوون، و ئەو ژنانەی توشی حاڵەتی هێرشی توڕەیی ئەبن کە دەرئەنجامی تێکچوونی هاوسەنگی هرمۆنیە. دروستبوون‌و پێکهاتنی گوتارەکان‌و دەسەڵاتە بەدەزگایی بوەکان رەوتێکی بێ کۆتایی هەیە، و دواجار دەکرێت خەڵک وەک میکرۆب بخرێنە ژێر زەڕەبینی چاودێریی بەردەوامەوە. گەرچی نمونەی "سیستەمی چاودێری باڵادەست بەسەر هەموو جێ‌و هەموو کەسدا" لەلایەن هەموو دەزگا کۆمەڵایتیەکانەوە قەبوڵنەکرا، بەڵام بەپێی وەسفی فۆکۆ پەرەسەندن‌و بڵاوبونەوەی زیاد لە سنورو هەموو جێگەی ئەم تەکنیکە، زۆر ترسناک بوو:

"زنجیرەیەک میکانیزمی هەمەکی هەبوون کە مۆدێلی زیندانی "داخراو"یان قەبوڵنەدەکرد، بەڵام سودیان لە بەشێک لە شێوازەکانی ئەمجۆرە زیندانانە وەرئەگرت. کۆمەڵە خێرخوازەکان، ئەنجومەنەکانی چاکسازی ئەخلاقی، رێکخراوەکانی دابەشکردنی کۆمەک بەسەر فەقیرەکان‌و سەرپەرشتی‌و چاودێریکردنی نەخۆشەکان‌و بەرکەوتوانی روداوە سروشتیەکان، رەچاوکردنی شتەکانی خۆشگوزەرانی بۆ بێچارەکان، دۆزینەوەی خانوو و تایبەتمەندکردنی دارایی بۆ کرێکاران‌و فەقیرەکان، دروستکردنی میوانخانەو موسافرخانە..و دواجار ئەم تۆڕە مەزنەی تایبەت بە زیندان، زاڵ ئەبێت بەسەر سەرجەم کاروبارەکانی کە لە سەرتاسەری کۆمەڵگادا کارئەکات ".

لەو نمونەی تاوان‌و سێکسوالیەتەدا کە فۆکۆ لێی ئەکۆڵێتەوە، ناتوانرێت کرداری زانین/دەسەڵات لەژێر ناونیشانی سەرکوتکردندا ببینین یان وەربگرین. بەپێچەوانەی ئەوەی مارکسیزمە فرۆیدیەکان هەوڵئەدەن بڕوای پێبکەین، لە سەدەی نۆزدەهەمدا سێکسوالیتی سەرکوت نەدەکرا. تەکنەلۆژیەکانی دەسەڵات بەمشێوەیە کار ناکەن. بەپێچەوانەوە فۆکۆ بڕوای وایە گوتارەکانی پەیوەندیان بە سێکسوالیتیەوە هەیە، هیچکاتێک لە رابردودا وەک سەدەی نۆزدە پەرەیان نەسەندو گەشەیان نەکردبوو. ئەگەر سێکسوالیتی بێ بەندوبار لە کۆمەڵگای سەختگیری ئەخلاقی وەک ئینگلتەرای سەردەمی

ڤیکتۆریادا قەدەغەکرا، تەنها لەبەرئەوە بوو ئەم مەسەلەیە زیاد لە سنور وەک سەرقاڵیەکی زیهنی کۆمەڵگای لێهاتبوو. لە خێزانە بۆرژوازیەکاندا باوکانو دایکان ئەو بەشە لە بەرهەمە پزیشکیەکانیان ئەخوێندەوە کە لەرووی پەروەردەکردنی منداڵانەوە لە مەترسیو دەرئەنجامەکانی خۆ رەحەتکردنی منداڵان ئاگاداریان ئەکردنەوە. چالاکیەکی هاوئاهەنگ کە هەم جنسیەتی سەردەمی منداڵی قەدەغە ئەکردو هەم هێزی دایکانو باوکانی بۆ روبەروبونەوەی تەیار ئەکرد. سێکسوالیتی لە منداڵان ئەسەنراو پاشان بۆ رێگەگرتن لە دەرکەوتنی بێ بەندوبارو ئاشکرای، ئەکەوتە ژێر کۆنترۆڵکردنی یاساو رێسا گشتیەکانەوە. بە هەمانشێوە ژنانی توشبوو بە نەخۆشی هیستریاش بە کۆمەڵێکی ئاڵۆز لە بزوێنەرە سێکسیە ناکۆکەکان، و لە هەمانکاتدا بە ئاوێنەی پاکیو پاکژی دائەنران. لەم حاڵەتانەدا هیچ جۆرە کار یان چالاکیەک نەبوو کە "سەرکوت" کرابێت، بەڵکو بڵاوبونەوەی زانین/دەسەڵات بوو کە میکانیزمەکانی بەپێی کۆمەڵێک یاسای ئاڵۆز فۆرمەلە ئەکردو رێکی ئەخستو کۆنترۆڵی ئەکرد. بە بڕوای فۆکۆ تەکنەلۆژیەکانی دەسەڵاتو گوتارەکان بەیەکەوە، بە هێزی داهێنەرو دروستکەرو پۆزەتیڤ ئەژمێرێن، نەک هەنگاوی نێگەتیڤو رێگرانە.

ئەگەر وایە کەسێک کە سەر بە ئەڵقەی مارکسیە فرۆیدیەکان نەبێت، چۆن ئەتوانێت ئەو بڕوا باوە رونبکاتەوە کە دەسەڵات روداوێکی رێگرە، سەرکوتکەرە، پاوانخوازە، نەفیکەرو دەسیسەکەرە، خۆبەزلزانو رێگرە ..؟ فۆکۆ گریمانەیەکی زۆر سەرنج راکێشو وەسوەسەئامێز بۆ پاساوو رونکردنەوەی ئەم تیورەیە کە دەسەڵات روداوێکی نێگەتیڤە، پێشکەش ئەکات. فۆکۆ بڕوای وایە سیستەمی یاسایی رۆژئاوا، لە باوەشی سیستەمی پاشایەتیدا پەرەیسەندو کامڵ بوو. پاشاکان پاش سەقامگیربونو بەهێزبونی پێگەی خۆیان وەک مەرجەعو سەرچاوەی دەسەڵات، روبەڕوی ناڕەزاییو بەرگری هەندێکجار هاوکاتی ئەرستۆکراتەکانو نەجیبەکانو بۆرژوازیەکان ئەبونەوە. ئەرستۆکراتو نەجیبەکان بەدوای ئەوەوە بون ئەو مافو ئیمتیازاتو ئازادیانەی پاشا لێی مەحروم کردبوون، وەک ئەو شتانەی لە بڵاوکراوەی مەزنی "ماگناکارتا"دا هەبوو، دوبارە بەدەست بێنەوە، بۆرژوازیش سیستەمێکی تازەی بەرهەمهێنا کە ئاراستەی سەرەکی رووی لە سنوردارکردنو رێگری لەو هەنگاوانەی پاشا بوو کە بۆ دروستکردنو سەقامگیری ئابوری داڕێژراو لەسەر بازاڕ زیانبەخش بوو. پاشا ڕێگەی لە دروستکردنی مولکایەتی تایبەتی فراوان و تویلە شەخسیەکان لەناو ئەرستۆکراتو نەجیبەکاندا گرت، و سیستەمی یاسایی بۆرژوازیش خراپ بەکارهێنانەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی پاشاو دەرباری سڕیەوەو بە نایاسایی لەقەڵەمی دا. لە هەردوو حاڵەتەکەدا قسە لەسەر تێڕوانینی پۆزەتیڤ یان نیگەتیڤ بوو بۆ دەسەڵات. بەدرێژای سەدەکانی رابردوو گوتارەکانی لەسەر دەسەڵات گوتراون، تەنها لەم گۆشەیەوە تەماشای دەسەڵاتیان کردووەو بیریان لێکردۆتەوە. لەو رووەوە کە دەسەڵات خۆی لەخۆیدا وتەزایەکی پۆزەتیڤە، لەبەرئەوە ئەم تیورەیە کە دەسەڵات روداوێکی نێگەتیڤو خراپو گەندەڵکارە، وەک ئایدۆلۆژیایەک کارئەکات کە هەوڵئەدات ماهیەتی راستەقینەی خۆی بشارێتەوە.

## 3- چەمکی ئایدۆلۆژی:

وەک چۆن چەمکی سەرکوت لە نەریتی فرۆیدیدا وەک رێنمایەک بۆ کارەکانی دەسەڵات، چەمکێکی نەگونجاوە، بەهەمانشێوە چەمکی ئایدۆلۆژی لە نەریتی مارکسیانەشدا توانای پێشکەشکردنی چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ دیاردە، دەرکەوتە مێژوویەکانی زانینو گوتار نیە . پێش ئەوەی دەستبکەین بە باسکردنی رەخنەی فۆکۆ لە چەمکی ئایدۆلۆژی، ناچارین پێویستیو گرنگی ئەم چەمکە بۆ بەردەوامی ژیانی تیورەی مارکسی رونبکەینەوە . لە سەدەی بیستەمدا تیورەسازانی مارکسی لە ئیتاڵیا، فەرەنساو ئەڵمانیا بۆ رونکردنەوەی دیاردە جیاوازەکانی سەرمایەداری پێشکەوتوو، و شیکردنەوەی رەهەندە جیاوازەکانی، بەشێوەیەکی فراوان رویان کردە چەمکی ئایدۆلۆژی، ئانتۆنیۆ گرامشیو جۆرج لۆکاش، قوتابخانەی فرانکفۆرتو ژان پۆل سارتەرو لوی ئالتۆسیر هەمویان لە قاڵبی چوارچێوەی مارکسیانەدا بۆ رونکردنەوەو شیکردنەوەی گۆڕانو گۆڕانکاریە گرنگە کلتوریەکان کە روکەش بونەتە هۆی دواکەوتنی رەوتی پێشکەوتنی شۆڕشی پرۆلیتاری، پەنایان بۆ چەمکی ئایدۆلۆژیا ئەبرد. رۆڵی ناسیۆنالیزم لە شێواندنی ناکۆکە چینایەتیەکان لە سەردەمی جەنگدا، دەوری رەگەز لە دابەشکردنی چینی کرێکاردا، دەوری مەسرەفگەری لە زیادبوونی وابەستبوونو وەفاداری کرێکاران بۆ سیستەمی سەرمایەداری، دەوری سیستەمی پەروەردەو کەناڵە گشتیەکان لە گۆڕانی دژایەتیەکان بۆ سازانو رێکەوتن، دەوری خێزان لە پێشکەشکردنی رێگەیەک بۆ دەربازبوون لە خەبات لەپێناوی ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا–هەموو ئەمانە دەستیان خستۆتە دەستی یەکەوەو بە ڕاشکاوی لایەنگری ئەوەیە بیروڕاو باوەڕەکانی چینی باڵادەست، ببێ بە بیروڕاو باوەڕی باڵادەست بەسەر کۆی کۆمەڵگادا. لێرەوەیە کە چەمکی ئایدۆلۆژی لە دەزگای تیوریو فکری مارکسیزمدا جێگەیەکی گرنگو چارەنوسسازی داگیرکردووە، و روونی ئەکاتەوە کە چۆنو بۆچی خودهوشیاری چینایەتی بەشێوەیەکی بەردەوام بەرەو خودهوشیاری درۆزنانە ئەڕوات. ئەگەر چەمکی ئایدۆلۆژیا رووی لە پوکانەوە کردووەو لە پراکتیکدا رووبەروی لاوازی و کەموکوڕی و نەگونجان بۆتەوە، ئەوا لەم حاڵەتەدا مارکسیەکان بۆ هەڵسەنگاندنو شیکردنەوەیەکی گشتگیرو لۆژیکی بۆ نائامادەبوونی رێژەیی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا، روبەروی کێشە ئەبنەوە . لە خوارەوە رەخنەی فۆکۆ لە چەمکی ئایدۆلۆژی ئەهێنینەوە:

"بە بڕوای من سودوەرگرتن لە چەمکی ئایدۆلۆژیا لەبەر سێ هۆ ئەستەمە: یەکەم: ئەوەی کە چ بمانەوێت یان نەمانەوێت چەمکی ئایدۆلۆژیا تەواو لەرووی واقعیەوە جیاوازە لە شتێک هاوشێوەی هەقیقەت. بەبڕوای من لە هەنوکەدا مەسەلەی دابەشکردن لەنێوان ئەوەی لە گوتارێکدا لەڕیزی زانستی بوونو هەقیقەت دادەنرێت و ئەوەی لەژێر ناونیشانێکی تردا دائەنرێت نیە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە ببینین لەرووی مێژووییەوە لەو گوتارانەدا کە خۆی لەخۆیدا نە هەقیقینو نە درۆ/ چۆن کاریگەریو دەرئەنجامی هەقیقی دروست ئەبێت. کێشەی دووهەم ئەوەیە بەبڕوای من چەمکی ئایدۆلۆژیا بەناچار ئاماژە بۆ شتێکی وەک خود ئەکات. سێهەم ئەوەی کە ئایدۆلۆژیا لە پەیوەندیدا بەو شتەوە کە دەبێت وەک ژێرخان یان دیاریکەری ئابوری یان مادی ئەو کاربکات،

جێگەیەکی لاوەکی هەیە. لەبەر ئەم سێ هۆیە بڕوام وایە ئایدۆلۆژیا چەمکێکە کە ناکرێت بەبێ وریایی بەکاری بێنین".

یەکەم رەخنەی فۆکۆ لە چەمکی ئایدۆلۆژیا ئاراستەی دژایەتی دو لایەنەی زانست/ ئایدۆلۆژیا یە، کە جێگەیەکی تایبەتی لە بیرکردنەوەی مارکسیانەو بەتایبەتی بیروڕاکانی لوی ئاڵتۆسیردا هەیە. لێرەدا ئایدۆلۆژیا بە شکڵێکی رەمزئامێز دائەنرێت کە ناگاتە پلەو جێگەی زانین یان زانست. لێرەوە لێکۆڵینەوەی ئایدۆلۆژیا بریتیە لە لێکۆڵینەوەی بیروڕاو باوەڕگەلێک کە لە ئەنجامی ئالودەبوون بە هەندێک پەیوەندی کە لەسەر بناغەی دەسەڵات دامەزراون توشی لادان بوون، بەو شێوەی کە لە تیورەی "دۆخی ئاخاوتنی نمونەیی" هابرماسدا پێشکەشکراوە. بەڵام لە روانگەی نیچەیانەی فۆکۆوە هەموو گوتارەکان لە کۆمەڵێک روانگە زیاتر نین و ئەگەر یەکێکیان لەوانی دی نرخی زیاتر بێت، ئەوا لەبەر خەسڵەتی ناوەکی و دەروونی ئەو گوتارە وەک "هەقیقەت" یان لەبەرئەوەی کە ئێمە ناوی "زانستی" لێئەنێین نیە، بەڵکو لەبەر بوونی کۆمەڵێک زەمینەی بان ئەبستمۆلۆجی یان ئەو دەورەیە گوتار لە دروستکردنی میکانیزمەکاندا ئەیبینێت. مارکسیزم بە ناونانی خۆی بە "زانستی" جۆرێک رەوایەتی درۆزنانە بەخۆی ئەدات، رەوایەتیەک کە رێگە بە تیورەسازی مارکسی ئەدات تاخۆی وەک هەڵگری نوێنەری گیتی سەروتر لە جەماوەر دابنێت. مارکسیزم لە پلەی زانستدا رێک شکڵی گوتارێکی تر ئەگرێت کە بۆ خزمەتی دروستکردنی بەکارهێنانێکی گوێڕایەڵو کۆنترۆڵکراو، دەور ئەبینێت. لێرەوە فۆکۆ چەمکی ئایدۆلۆژیا بە نمونەیەکی تر ئەزانێت لەو شێوانەی کە عەقڵ هەوڵئەدات لە هەمان ئەو بەرکارانەی دەیەوێت رزگاریان بکات، واتە مرۆڤ زاڵ بێت.

ی هەو ردی ا ه ۆل ۆ ا زمز ی ئق ئەئایردڵ ک ک

## 5- ئەلتەرناتیڤێک بۆ مارکس:

لەم وتارەدا سەردێڕە سەرەکیەکانی دەستوری کاری فۆکۆم بۆ نوسینی مێژوو باسو تاوتوێکرد. لێرەدا ئەمەوێت کەمێک راوەستم و مەسەلەیەکی یەکجار گران واتە پەیوەندی وردی تیورەکانی فۆکۆو مارکس رونبکەمەوە.

ئەو بانگەشەیە کە فۆکۆ بەئاسانی جێگەی مارکسی وەک بلیمەتەکانی تیورەی مێژوو داگیرکردووە، جگە لە بانگەشەیەکی هەڵخەڵەتێنەر زیاتر نیە. لەڕاستیدا رەنگە گەر هەندێک لە خوێنەران بڕوایان بە باسەکانی پێشەوە کردبێت، بەم دەرئەنجامگیریە بگەن. بەڵام دەبێت جەخت لەوە بکەم کە نە نیەتی من وابووەو نە هەڵسەنگاندنێکی لەم چەشنەم هەبووە. "شیکردنەوەی گوتاری فۆکۆ" هەرچەند خاوەن گرنگیو بەرجەستەی تایبەتی خۆی بێت، هەر جێگەو پلەیەکیشی هەبێت، هەرگیز ناتوانێت جێگەی "تیورەی شیکردنەوەی چینایەتی" یان تەنانەت شیکردنەوەی لیبراڵەکان بۆ بەسەرهاتو روداوە سیاسیو فکریەکان بگرێتەوە. لێرەدا مەسەلەکان لە دوو ئاستی دیاریکراو و سەربەخۆ لەیەکدا رائەوەستن کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی سەربەخۆ بۆ کاریگەری بەرهەمەکانی فۆکۆ هەیە: لەسەر ئاستی گشتی چوارچێوەی مێژووییو لەسەر ئاستی تایبەتی مێژوونوسینی تاکانە.

لەئاستی گشتیدا بەرهەمەکانی فۆکۆ بۆ مارکسیزم زۆر بە هەڕەشە ئەژمێرێن. مارکسیزم وەک چوارچێوەیەکی هەمەکی بەخش کە سەرجەم مێژوو لە چوارچێوەی نەخشەی پەرەسەندنێکی پلە بە پلەدا ئەگرێتەوەو هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگا لەژێر باڵادەستی شێوەی بەرهەمهێناندا بەیەکەوە ئەبەستێتەوە، چیدی شتێک نیە توانای بەردەوامی هەبێت و بەرگری لێبکرێتو بەئاسانیش زیانی پێ نەگەیەنرێت. پێشتر سنوردارێتی ئەمجۆرە بیرکردنەوە هەمەکی بەخشەمان تاوتوێکردو پێویست ناکات جارێکی دی دوبارەی بکەینەوە. هەرئەوەندە بەسە بڵێین بەڵگاندنی فۆکۆ لەبارەی هەمەکی داماڵینەوە لە تیورەی مێژوو، بەڵگاندنێکی زۆر بەهێز، و قانع پێکەرە. رەخنەی فۆکۆ لە بکەری بناس یان ناسکەر چ لەئاستی بابەتی لێکۆڵینەوەی مێژوویدا (بکەری کرێکار لەتیورەی مارکس) و چ لە ئاستی بکەری دانەردا کە مێژوو ئەنوسێتەوە، بەتەواوی قابیلی بەرگریو سەلماندنە. لێرەدا جێی خۆیەتی سەرلەنوێ ئەوە دوبارە بکەینەوە کە دیدو تیورەکانی بکەرێکی تایبەت (پرۆلیتاریا، سیاسەتمەداری لایەنگری بنەما دیموکراتیەکان، تاکی لۆژیکی) بنەمایەکی گونجاو نیە بۆ هەمەکی بەخشینی بواری کۆمەڵایەتی. لەهەمانکاتدا نوسەری تێکستێکی مێژوویی، سود لە چوارچێوەیەکی تیوری وەرئەگرێت کە بەردەوام چوارچێوەیەکی یەک لایەنەو کەموکوڕە، بەردەوام سنورداراە بە بوارێک کە هەوڵی رونکردنەوەی ئەدات، و هەر لەبەرئەمەش ناتوانێت هەرگیز وەک بنەمای چوارچێوەیەکی گشتگیرو هەمەکی بۆ تیورەی مێژوو کاربکات. لەو روەوە کە زانین بەردەوام لە پەیوەندیدایە بەدەسەڵاتەوە، لەبەرئەوە بەردەوام دەبێت جێگەو هەڵوێستی تایبەتی نوسەری دەقێکی مێژوویی، دامێنی بانگەشەی لەسەر راستبوونی (ئەوەی کە تیورەکانی بەتەواوی هەقیقەتن) سنوردار ئەکات.

ئەگەر بانگەشەی مارکسیزم کە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە وەک تیورەیەکی هەمەکی بەخشی مێژوویی کارئەکات بخەینە لاوە، لەو کاتەدا ئەگەری دەرکەوتنی نرخی راستەقینەی شیکردنەوەی چینایەتی بۆ ئامانجو بابەتە مێژووییە تایبەتەکان دەرئەکەوێت. لەم ئاستەدا بەهیچ شێوەیەک هەڵوێستی فۆکۆ شیکردنەوەی مێژوویی مارکسیانە فەرامۆش ناکرێت. لەم ئاستەدا ئەبێت شایستەییو بایەخی رێژەیی ئەرکۆلۆژیای زانین، شیکردنەوەی چینایەتی مارکسیانە، مێژووی کۆنزەڕڤاتیڤانە (مێژووی ویگ) بۆ رونکردنەوەی بواری کۆمەڵایەتی-مێژوویی، لەهەر حاڵەتێکی تایبەتدا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. لەم ئاستەی دژایەتی نەخشەو بەرنامەکانی تەفسیر- رونکردنەوەدا، دەکرێت شایستەیی و بایەخی هەڵوێستی فۆکۆ لەسەر ئەو بناغەیە هەڵسەنگێنرێت کە چۆن تاکەکان روبەروی پێداویستی و نیازەکانی هەلومەرجی هەنوکە ئەبنەوە. ئەگەر قەناعەت بکەین یان قەبوڵیبکەین کە وتوێژی ئازادو ئاشکراو و هەروەها دیموکراسی پەرلەمانی لە پێداویستیە بنەڕەتیەکانی هەلومەرجی هەنوکەن، لەم حاڵەتدا زماننناسی تەواوکاری هابرماس یان شیکردنەوەی سیاسی لێبڕاڵیانە بە خەسڵەتە کلیلیەکانی شیکردنەوەی مێژوویی ئەژمێرێن. ئەگەر بڕوامان بەوە بێت خەباتی چینی کرێکار بەناوەڕۆکی روداوە هاوچەرخەکان ئەژمێرێت، لەو حاڵەتەدا هەڵوێستی مارکسیانە بۆ کاری مێژوویی لە پلەی یەکەمدا دێت. ئەگەر بڕوامان کردبێت کە شکڵبەندی کۆمەڵایەتی تازە (شێوەی زانیاری) لە کۆمەڵگای سەرمایەداری پیشەسازی پێشکەتودا لە دۆخی دروستبوونو دەرکەوتندایە، کە تیایدا زانین بەشێوەیەکی روو لەزیاد گرفتاری شێوە جیاوازەکانی دەسەڵات ئەبێتو نەیارێتی (ئعتراز) نوکی هێرشی خۆی لەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنان لاداوە، لەم حاڵەتەدا نەخشەو بەرنامەی فۆکۆ ئەبێت بە رەگەزێکی گرنگو زیندوو بۆ دەستوری کاری مێژوونوسی. بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا هەر هەڵوێستەو لەجێی خۆیدا توانای دیاریکردنو رونکردنەوەی لایەنو رەهەندە دیاریکراوی بواری مێژووی هەبووە، و قەدرو بایەخ یان شایستەیی هەر هەڵوێستێک لەبەرامبەر هەڵوێستەکانی تردا، شتێکی رێژەییە نەک رەها.

## پەراوێز:

١) پارچە گوتە (utterance) لە زماننناسی بونیادگەریدا بە پارچەیەکی گوتار ئەگوترێت کە پێش و پاش ئەو بێدەنگی بێت. لێرەوە پارچە گوتە لەگەڵ رستەدا یەک شت نیە. چونکە رەنگە زۆرێک لە پارچە گوتەکان تەنها لەیەک وشە، گروپ یان رستەیەکی کەموکوڕ دروست بوو بێت. هەندێک پارچە گوتەش رەنگە لە کۆمەڵەیەک یەکەی باڵاو رەنگە لە رستە پێکهاتبن. (و.ف)

## سەرچاوە:

فلسفه تاریخ
روش شناسی و تاریخ نگاری
ترجمه و تدوین: حسین علی نوزری —تهران، طرحی نو، ١٣٧٩.